### فازڵ میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی ڕێبازدا:

# شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا



(١)

لە شازدەمین ساڵیادی دواماڵئاوایی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، لیژنەی ناوچەی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی (٢٠٠٣/١/٣٠) کۆڕێکی بۆ بەڕێز فازڵ میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هۆڵی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن لە مەسیف سازکرد. لە سەرەتاوە بەڕێزیان باسی لەوە کرد، کە (بۆ من شانازییەکی گەورەیە وەک قوتابییەک لەبەردەستی کاک ئیدریس پێگەیشتم) ئەمەی خوارەوەش پوختەی کۆڕەکەیە:

## شەهید ئیدریس بارزانی بەرامبەر هەڤاڵانی خۆی متەوازع و بەرامبەر دوژمنیش حەددی بوو

### سەرەتایەک

ئەوەی من لێرە دەمەوێ باسی بکەم، لەوانەیە جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ ئەوانەی خەڵکانی دی باسیان کردووە، زۆر لەسەر ئیدریس نووسراوە و دەنووسرێ، ئەوانەی زۆریان لەسەری نووسیوە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە زۆر لێی دوور بوون، بەڵام ئەوانەی لە نزیک ئیدریس بوونە، کەم دەنووسن و کەم دەڵێن، چونکە ئەوانی دیکە بەقەد ئەو زۆرییە لە ئیدریس تێ نەگەیشتوون. لەوانەیە خەڵکانێک لەسەر ئەمە گفتوگۆم بکەن.

**چۆن زۆر دوورن لە ئیدریس و زۆریان نووسیوە؟**
**چۆن زۆر نزیک بوون و کەمیان نووسیوە؟**

لە وەڵامدا دەڵێم: من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم؛ چەندی لێی نزیک بووم، بەڵام کەمی لێ تێگەیشتوومە.

بۆ ئێمەی قوتابییانی کاک ئیدریس کارێکی ئاسان نییە بتوانین شرۆڤەی ژیانی ئەو بکەین.

### ڕێبازی بارزانی

کە ئێمە باس لە ڕێبازی بارزانی دەکەین، مەبەست ئەوە نییە، کە تۆ خەڵکی دەڤەری بارزان بیت، بەڵکو ڕێبازی بارزانی پەیڕەو کردنی ئایدۆلۆژیەتی میللیی دژی ستەمە. لەبەر ئەوە مەلا مستەفا تەنها سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو سەرۆکی میللەتی کورد بوو. بە پێشخستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەر بەرژەوەندی حزبی وای لێکردووە خەڵکی، کە لە دەوروپشتی ئەم ئایدۆلۆژیە کۆبوونەتەوە، خەڵکی ئایدۆلۆژیەکی سیاسی دیاریکراونین، تەنها حزبێک لە چواردەوری مەلا مستەفا نەبوو، بەڵکو تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان بوون، چونکە بەرژەوەندی خۆیان لەوی دا دەدیت و بۆیە ئەوانەی شوێن مەلا مستەفا نەدەکەوتن بە ژمارە کەم بوون.

تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەموو ڕەنگ و نەتەوەکانەوە بە شوێن ئەم ڕێبازە کەوتوون. هیچ حزبێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە تەواوی توێژە جۆراوجۆرەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە، جگە لە بارزانی نەبێت.

ئیدریس سوودی لەم ئینتیمایە وەرگرت، بوونی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پەیڕەو کردنی پەیڕەوو پرۆگرامی حزبی خۆی، بەڵام لە مومارەسەی گشتی و ڕۆژانەدا هەمیشە بیرە نەتەوەییەکەی لە سەرووی فکری حزبی دادەنا. دیارە هەموو مرۆڤێکیش ناتوانێ ئەمە بکات، تەنها ئەگەر خۆی بڕوای پێ هەبێت و وەک دەڵێن (ئەوانەی کاردەکەن دروشم هەڵناگرن، ئەوانەی دروشم هەڵدەگرن ئەوانە یا کار ناکەن یا کەم کار دەکەن).

ئیدریس ئەهلی دروشم نەبوو، بەڵکو ئەهلی کار کردن بوو. ئەمەش هێبەیەکەو خوا بە هەموو کەسی نادات، دیسان مەرج نییە هەموو کەسێکیش سوودی لێ وەربگرێ، ئەگەر خواش پێیدا.

ئیدریس بە هۆی ئەوەی کوڕی مەلا مستەفا بوو، هەروەها بەکارخستنی توانای کە هەیبوو، زوو لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا جێگەی خۆی کردەوەو ناسرا.

### ئیدریس کێیە

ئایا ئیدریس بوو بە ئیدریس هەر لەبەر ئەوەی کوڕی مەلا مستەفا بوو، یاخود خەسڵەتی خۆپێگەیاندن و خۆتێگەیاندن لە پێش بارودۆخی خودی و بابەتی لەم مرۆڤەدا کۆبونەوە، تا ببێتە سەرکردەیەکی پرشنگدار نەک تەنها لەناو خانەوادەی بارزانی، پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کوردستانی عێراق، لە چوار پارچەکانی کوردستان، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە مەحافیلی ئەوروپی و ئەمریکی و نێودەوڵەتیشدا.

لە وەڵامدا مرۆڤ دەڵێ؛ هەندێکی بۆ ئینتساب دەگەڕێتەوە، چونکە کوڕی بارزانیی نەمر بوو، بەڵام بەشە زۆرەکەی دی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئایا ئیدریس بە پارتی بوون بووبە ئیدریس یا بە بیرەکەیەوە؟

من دەڵێم بەشێکی بۆ پارتی بوونی دەگەڕێتەوە، چونکە پارتی بووە ئامرازێک، کە سوود لە خەبات و شیان و ڕۆڵی ئیدریس وەربگرێ، نەک ئیدریس سوود لە پارتی وەربگرێ. کەواتە بەشێک لە پێگەیاندن و تێگەیشتنی ئیدریس دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بە پارتی دیموکراتی کوردستان چ لە بنکەوە چ لە سەرکردەدا.

ئەگەر ئێمە تەماشای سەرەتاو کۆتایی ئیدریس بکەین، دەبینین هیچ ڕۆژێک شەهید ئیدریس چ وەک تاکێک یا وەک سەرکردەیەک بیری نەتەوایەتی نەکردۆتە بەرژەوەندی حزبی، بە واتایەکی دیکە هەمیشە بەرژەوەندی میللی خەڵکی کوردستانی لە سەرووی بەرژەوەندی سیاسی داناوە، ئەمەشی لە هزری بارزانییەوە وەرگرتبوو.

### ئیدریس و چارەسەرکردنی گرفتەکان

لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی شۆڕش، کێشەو ڕێکخستنی خەڵک و دابین کردنی پێداویستییەکانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان، ئەرکێکی گەورەی سەرشانی شەهید ئیدریس بوو. هەروەها بە (وەزیری بەرگری) ناویان دەبرد، بەڵام ئەم ناوە بە مەفهومی کارکردنی ئەو کەمتر بوو. ئیدریس باری بارزانیی نەمری سووک کردبوو، خۆشی هەمیشە دەیگووت؛ کێشەکان بۆمن بەجێ بێڵن، بە کردەوەش ئەوەی سەلماند لە چارەسەر کردنی گرفتەکانی ڕۆژانەی ناو بارەگاکاندا. ئەمانەش کردیان بەسەرکردەیەکی پڕشنگداری بزووتنەوەی کوردایەتی.

### ئیدریس و ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری (١٩٧٠)

لە تەواوی دانوستاندنەکانی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، ڕاستە لە ڕووی فۆڕمەوە سەرکردایەتی وەفد نەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا دینەمۆی وەفدی شۆڕشی کورد کاک ئیدریس بوو، ئیدریس بەرامبەر هەڤاڵانی خۆی زۆر متەوازع بوو، بەڵام بەرامبەر بە دوژمن زۆر حەدی بوو، کە ئەمەش دەڵێم خۆم شەخسەن ئەوەم لێ بینیوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش لە دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار بووە یەکەم ئامانجی تیرۆر، بەڵام خۆشبەختانە لێی دەرباز بوو، بەو شەخسییەتە عەسکەری و ئیداریە کاک ئیدریس یەکێک بوو لە دیپلۆماسییە متەوازعەکان لەسەر ئەو ڕێبازەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد. لە کاتی پێویست تەحەدی هەبوو، هەروەها مروونەتیشی هەبوو، چ لەناو خۆماندا و چ لە دەرەوەی کوردستاندا.

### ئەرکی ئیدریس دوای نسکۆ

یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی کاک ئیدریسی ڕەحمەتی خۆڕاگری بوو. لە دوای نسکۆی (١٩٧٥) باری یەکجار قورس بوو، دوای وەفاتی بارزانیی نەمر باری قورستر بوو، بوونی ئەو لەسەرپەرشتی و ڕێکخستنی ئاوارەو چارەسەر کردنی گرفتەکانیان پشتی بە بارزانی قایم بوو، جاری واش بارزانی دەیکردە وەسیلەیەک بۆ یارمەتیدانی خۆی، بەڵام بە وەفاتی بارزانی بارەکەی قورستر بوو، چونکە ئەو پرسانەی لە بن چەتری بارزانی چارەسەری دەکردن، ئێستا دەبوو خۆی ببێتە چەتر.

### ڕۆڵی ئیدریس لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان دا

زۆر لەسەر ڕۆڵی ئیدریس بارزانیی نەمر لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، شۆڕشی گوڵان نووسراوە، سەرەڕای ئەوەی کێ چی کردووەو چی نووسیووەو دەنووسێت و دەڵێت، ئیدریس نەبا شۆڕشی گوڵان نەدەبوو، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت، کە خەڵکی دیکە ڕۆڵیان نەبوو، نەخێر، لە مرۆڤێکی پەناهەندەوە بگرە، هاوولاتییەکی لە شاخ مابوو، لە شەهید محەمەد ڕەسوڵ بگرە لە محەمەد خالید بۆسەلی و کۆمەڵێک پێشمەرگە، کە لە تورکیا عاسێ ببوون، لەو خەڵکانەی، کە سەرکردایەتی کاتیمان لە نەغەدە پێکهێنا، لەو خەڵکەی کە ڕێگایان بۆ خەڵکی ئێمە خۆش دەکردو لەو خەڵکەی کە نانیان دابین دەکرد، لەو کاغەزانەی ئەسعەد خۆشەوی ڕەحمەتی، دێمە سەر دەفتەرە بچووکەکەی ئیدریس، ئەمانە هەموو ڕۆڵیان لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش هەبوو. بوونی مەلا مستەفا لە ژیاندا بنەمایەکی سەرەکی بوو لە شۆڕشی گوڵاندا، هەروەها دوو فاکتەری دیکەی گرنگیش هەبوون.

یەکێکیان، میللەتی کورد، دووەم، زوڵم و ستەمی ڕژێمی عێراق بەرامبەر خەڵکی کوردستان دوای نسکۆ، بەڵام دیسان دەڵێم؛ ئەگەر ئیدریس نەبوایە شۆڕشی گوڵان نەدەبوو.

### ئەندازیاری پەیوەندی و ئاشتبوونەوە

کاک ئیدریس ئەندازیاری پەیوەندییەکانمان بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەروەها ئەندازیاری ئاشتبوونەوەی گشتییە، هەر ئەو بوو توانی ئەو بارودۆخە ناخۆشەی تیای بوون، فەراهەم بکات. هەر ئەو بوو توانی زەمینە خۆش بکات، لەسەر ئەو بنەمایەی لەسەروو دانانی بەرژەوەندی میلیی کورد لەسەر بەرژەوەندی حزبی، ئەو ئاشتبوونەوەشی لە پێناو میللەتی کورد بوو نەک حزبێک.

ئەو کاتەی بەیاننامەکەمان داڕشت من لە خزمەتی دابووم، دەیگوت **(ئەگەر ئێمە بتوانین لە قۆناغێک لەم قۆناغانە بزووتنەوەی کورد یەک بخەین و یەک گوتاری سیاسیمان هەبێت، لەوانەیە بتوانین یارمەتی خەڵکە ژێر دەستەکەی خۆشمان بدەین)**، چونکە یەکێک لە خەمە گەورەکانی کاک ئیدریس ئەو خەڵکانە بوون، کە لەناو کوردستاندا لەژێر چەوسانەوەبوون. دەیگوت: **(ئێمە لە دەرەوە لە ئێران، ڕاستە لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژین، بەڵام بە چەمکێک لە چەمکەکان ئێمە ئازادین، بەڵام زۆرینەی میللەتی ئێمە لەژێر دەستی دوژمن دایە، وڵاتەکەمان لەژێر دەستی دوژمنەو بە ئارەزووی خۆی تەعریب و تەهجیر دەکات و خەڵکەکەی ڕادەماڵێ و بێ سەروشوێنی دەکات، بۆیە دەبێ ئێمە بیر لە ئازاد کردنی ئەوان بکەینەوە، هەرشتێک مەینەتی ئەوان کەم دەکاتەوەو جۆرە سەلامەتییەک بۆ ئەوان دابین دەکات، ئەوە دەبێ ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کار بکەین).** لە کۆنفرانسی (نصرة الشعب العراقي)دا، هەندێک ژمارەی خوێندەوە، هەموو ئەو پروپاگەندانەی ڕەش کردەوە، کە هەبوون.

---

### بەرەو سەد ساڵەی بارزانیی نەمر

# بارزانی لەماوەی ژیانی و دوای مردنیشی چقڵی چاوی دوژمنان بووە

## 63

موحسین دزەیی

-١-

بێ گومان لەسەرتاسەری جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەی ئێمەدا خەباتی سیاسی هەرکەسێک خاوەنەکەی تووشی جۆرەها خۆشی و ناخۆشی دەکات بەدرێژایی ئەو خەباتە، لە وڵاتانی ئێمەشدا ناخۆشیەکە و سەر ئێشە و ئازاری زێتری بە دواوەیە نەوەک خۆشی، بگرە زۆر جار کارەساتیشی بەدواوەیە وەکو زیندان و ئەشکەنجەو دەربەدەری و زۆر جاریش ئەو خەباتگێڕە سەری تێدا دەچێ بە تایبەتی لە کۆمەڵگاکانی وەکو عێراق.

بەڵام من باوەڕ ناکەم کەسێک وەکو بارزانیی نەمر بە درێژایی ژیانی و لە ماوەی درێژی خەباتی چەکداری کە هەر لە منداڵیەوە دەستی پێ کردووە، تووشی ڕووداوی ترسناک بووبێت و هەمیشە گیان لەسەر دەست وەستا بێت و پێشڕەوی ئەم خەباتە بووبێت. بارزانی جگە لەوەی کە بەدەها جار لە ماوەی شۆڕشەکانی ڕووبەڕووی مەرگ بووەو بەموعجیزە دەربازبووە، گەلێ پیلانیشی لە دژ ئەنجام دراوە بۆ لەناوبردنی، چونکی هەرلەسەرەتای ژیانیەوە کۆسپێک بووە لەبەردەم داگیرکەران و ڕەمزێکی خەباتی میللەتی کورد بووەو هەمیشە چقڵی چاوی دوژمنان بووەو، بەهەموو نەوعێک هەوڵیان داوە بۆ لەناوبردنی، من لە زۆر کەسم بیستووە کە هاوچەرخی خۆی بوون و هەڤاڵی خەباتی بوون هەروەها لە خودی بارزانیشم گوێ لێ بووە کە لە هەڕەتی لاوێتی کە ئەوسا تەمەنی نزیکەی ٢٥ ساڵێک دەبوو لە شاری موسڵ لەلایەن کاربەدەستانی ئەوسای میری دەرمان خواردی کرایەو ژەهریان بۆ خستۆتە نێو قاوەوە، بەموعجیزەو بەهۆی گەنجایەتی و تەندروستی تەواوی ئەوسای توانیویەتی لەمردن دەربازببێ دوای ئێش وئازارێکی زۆر و ماوەییێکی درێژ لە نەخۆش کەوتنی و دەرمان کردنی ئەوسا، ئەمەش کارێکی زۆری کردە سەر هێزو توانای ئەوسای بۆ ماوەیەکی درێژ.

بارزانیی نەمر لەبەر ئەوەی ئاڵای خەباتی گەلی کوردستانی هەڵگرتبوو لەبەر ئەوەی لەسەرەتای ساڵانی چلەوە بەرەمزی خەباتی ئەو گەلە بەشخوراوە دادەنرا و میللەتی کورد بە سەرۆکی خۆی دانابوو، بۆیە دوژمنان هەمیشە هەوڵیان بۆ لەناوبردنی ئەو دەدا، کە دەکاتە لەناوبردنی خەباتی گەلی کورد.

لە کاتی هێرشە سێ قۆڵیەکەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە پایزی ساڵی ١٩٥٦ بارزانی لە وڵاتی سۆڤیەتی ئەوسا بوو، نوری سەعید کە سەرۆک وەزیرانی ئەوسای عێراق بوو لە کۆتایی ئەو شەڕە لەرادیۆی بەغدا وتەیەکی خوێندەوەو باسی هۆی بەشدار نەبوونی عێراقی لەو شەڕەکرد، هەروەها هۆی بەشداربوونی عێراق لە پەیمانی بەغدای ئەوسا کە پێک هاتبوو لە پاکستان و ئێران و عێراق و تورکیا و بەریتانیا و چاودێری ئەمریکا، نوری سەعید پاکانەی بۆ ئەو کارانە کردو گوتی هۆی سەرەکی ئەوەیەکە (مەلا مستەفای بارزانی) لەسۆڤیەتە خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی ئامادەی گەڕانەوەن بۆ عێراق، ئێمە لەبەر ئەوە نەمانتوانیوە یارمەتی میسر بدەین لەو شەڕە، هەروەها بۆیە بەشداری پەیمانی بەغدامان کردووە.

لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ و پاش گۆڕینەوەی بروسکەی پیرۆزبایی و سوپاس لە نێوان بارزانی و زەعیم عەبدولکەریم قاسم ودوایی نیازی بارزانی بۆ گەڕانەوەی، عەبدولسەلام عارف کە ئەوسا جێگری سەرکردەی گشتی بوو بەتوندی دژی ئەو هاتنەوەیە وەستا، ئەمەش لەبەر شۆڤینیەتی عەبدولسەلام و کینەی دژی میللەتی کوردو لەبەر ئەوەی بارزانیی نەمر ڕەمزی خەباتی گەلی کورد بوو هەموو کوردێکیش چاوەڕێی گەڕانەوەی بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان. پاش گەڕانەوەی بارزانی دوای دوازدە ساڵ لە نەفی بۆ خاکی نیشتمان و ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لێی کرا لەلایەن کوردو عەرەب و هەموو کەمایەتیەکانی نەتەوەیی لە عێراق هەموو پشتگیری خۆی و میللەتی کوردی نیشاندا بۆ ئەو شۆڕشە و ڕژێمەکەی، بەڵام بەداخەوە دوای ماوەیەکی کەم قاسم سیاسەتی گۆڕی لەژێر ئەئسیری زۆری عێراق وناوچەکە و بەهاندانی ناحەزان و دوژمنانی و شۆڤینیەکانی دژ بە کورد وای لێکرا کە بەربەرەکانی بارزانی و پارتی ومیللەتی کورد بکا تا لە ئەنجام ناچاری کرد کە بەرگری لە وجودی خۆی بکات و دوای ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لە گەڕانەوەی بارزانی، شۆڕشی مەزنی ئەیلول بەرپابوو لەژێر سەرکردایەتی ئەو قارمانە، بەدرێژایی ئەو شۆڕشە و دوای ئەوەی کە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نەیانتوانی لە ڕێگەی سەربازییەوە بڵێسەی ئەو شۆڕشە کپ بکەن، جۆرەها پیلانیان گێڕا بۆ لە ناوبردنی بارزانی خۆی، لەوانەی کە لە یادمە و خۆم لە بارزانیم گوێ لێ بووە، ئەو هەوڵەی کە قاسم دای ساڵی ١٩٦٢ بە ناردنی لیوا حەسەن عەبود کە کاتی خۆی ئەفسەری سەرکردە بوو لە موسڵ و دۆستی بارزانی بوو بە ناوی گفتوگۆ کردن لەگەڵ بارزانی لە کات وشوێنێکی دیاریکراو، بەڵام بارزانی زۆر لەوە هۆشیار و زیرەکتر بوو لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد بە جۆری نیەت لەو جۆرە کردەوانە، نەڕۆیشت بۆ ئەو شوێنە دیاریکراوە، بەڵکو چەند کەسێکی نارد بەپەلە حەسەن عەبودیان لەو شوێنە برد بۆ شوێنێکی تر، و دوای ماوەیەکی کەم لەبەرچاوی ئەوانەوە چەند فڕۆکەیەکی جەنگی ئامادەبوون و زۆر بەسەختی شوێنە دیارکراوەکەیان بۆردومان کرد بۆ ماوەیەکی درێژ بەو نیازەی کە بارزانی و حەسەن عەبودیش لەناوبەرن.

### فازڵ میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی ڕێبازدا:

# شەهید ئیدریس بارزانی هەمیشە بیری نەتەوەیی لە سەرووی حزبایەتی دادەنا

## (٢)



لە شازدەمین ساڵیادی دوا ماڵئاوایی کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، لیژنە ناوچەی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان دەمژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی (٢٠٠٣/١/٣٠) کۆڕێکی بۆ بەڕێز فازڵ میرانی؛ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هۆڵی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن لە سازکرد. لە سەرەتاوە بەڕێزیان باسی لەوە کرد، کە (بۆمن شانازییەکی گەورەیە وەک قوتابییەک لەبەردەستی کاک ئیدریس پێگەیشتم) ئەمەی خوارەوەش پوختەی بەشی دووەمی کۆڕەکەیە:

### ئیدریس و پێویستی ئەمڕۆ

شەهید ئیدریس هیچ تموحێکی شەخسی نەبوو، ئەوەی لە دەرەوە لێمان دەبینی شتێکی دیکە بوو، ئەندامی مەکتەبی سیاسیە... هتد، بەڵام لەمەسەلە بنەڕەتیەکاندا پیاوێکی زاهید بوو، هەمیشە لە خەڵوەت دابوو، هەموو هێزو خۆڕاگرتنی ئەو لەوەدابوو، لەبەر ئەوەیە دەڵێم مرۆڤ چەندیش لێی نزیک بووبێ، هێشتا زۆر شت هەیە لێی نەزانیووە.

ئەمڕۆ کە خاوەن پەرلەمان و حکومەت و ئیدارەین، لە هەموو کات پێویستیمان بە ئیدریسە، بەدیدی من وزەو فکرەکانی ئیدریس گۆڕەپانێکی وای نەبوو، بەڵکو گۆڕەپانەکە بچووک بوو، بۆیە هەرچەندی قەوارەو ڕێکخستنی ئێمە فراوانتر دەبێت، ئەوەندە زێتر پێویستمان بە وزەی فکری ئیدریس دەبێت، چونکە مەیدان هەیە و مەیدانەکەی جاران هەبوو کەم بوو بۆ ئیدریس.

ئەوانەی نووسیانە و هەڵوێستیان وەرگرتووە چ ئەوانەی ناحەزو چ ئەوانەی دۆستن،ئەوەتە شۆڕشی ئیسلامی ئێران، شەهید ئیدریسی بە (شەهیدی مەزڵوم) ناوزەد کردووە.

من دەتوانم بڵێم ڕۆژگار زوڵمی لە شەهید ئیدریس کرد، چونکە ئیدریس چارەسەرکاری کێشەی حزب و هەڤاڵانیشی بوو، بەمانایەک هەرکێشەیەک هەبوایە چارەسەرەکەی بۆ دەدۆزیەوە، بۆیە جارێکی دیکە دەڵێمەوە بەراستی ئیدریس شەهیدێکی مەزڵوم بوو، زوڵمەکانیش هەمەجۆر بوون و سەرچاوەو هۆکارەکان و ئامانج و ئەنجامەکانیش جۆراوجۆربوون، بەڵام هەموویان لە بن یەک ناودا کۆدەبنەوە.

بۆیە لەسەرمانە وەک بەشێک لەوەفاداری بۆ شەهید ئیدریس ئەو ڕێبازە بپارێزین و بەردەوامبوونی ئەو ڕێبازە بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش سەرفرازییە.

### گەورەیی ژیان

ژیان لە چاوی کتێب و کورسی حاکمێک فراوانترە، بە مانایەکی دیکە ژیان ڕووبارێکی بەردەوامە و پێویستە لەگەڵی بجوڵێیتەوە. ئەوەی لە ژیان خەڵک فەرامۆش بکات، خەڵکیش فەرامۆشی دەکات، چونکە ژیان لە چەند خولێک پێکهاتووە. گرنگترین خۆشی ژیانیش ئەوەیە لە پێناو کێشەیەکدا هەموو خۆشیەکان وەلابنێی، بەرەڤانی کردن لە مافی خۆت ئەرکە، چونکە کەس ناتوانێ لە باتی تۆ وەری بگرێ، بەهەمان شێوەش کەس ناتوانێ لە باتی تۆ تەنازول لەمافی تۆ بکات. گەورەترین مافی مرۆڤ ژیانە، بەڵام لەوەش گەورەتر پاراستنیەتی، بە واتایەکی دیکە لەسەر کێشە بخەوە نەک لەگەڵی بخەوە. ئەمانەم بۆ باسکرد، چونکە بەشی زۆربەیان لەگەڵ ژیانەوەو رابردوو، هەڵسەنگاندنی کاک ئیدریسی جوانەمەرگ دەگونجێن، چونکە ئەو زۆر پەیڕەوی لەمانە دەکرد.

### فازڵ میرانی لە کۆڕێکی ناوچەی ڕێبازدا:

# ئێمە پێمان باشە لە عێراق شەڕ ڕوونەدات، بەڵام ئەگەر ڕوویدا، ئەوە دڵنیاین کوردستان دەبێتە ئەمینترین شوێن

## میللەتێک دیموکراتی و فیدراڵی و ئازادی و سەربەستی بخوازێ، خۆ دەبێ خۆڕاگریش بێت

### پرسە هەنووکەییەکان

بۆ باری ئیستا پرسیارو لێکدانەوە زۆرەو لەهەمان کاتیشدا دڵەڕاوکێ هەیە.

من دێمە سەر کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق کە لەلەندەن بەسترا؛ قسەی زۆری لەسەرکراوە، هەندێک دەڵێن ئەمریکا بەستوویەتی.

ڕاستە ئەمریکا هاوکار بوو، بەڵام بە ئامادەکاری و تەمویلی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەستراوە، ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندانەیان بڵاو دەکردەوە، دژی ئۆپۆزسیۆنن و دەیانەوێ سووکایەتی پێ بکەن، وەک ڕاستیەک هەر ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێک پێویستی بە پشتیوانی دەرەکی هەیە. ئێمە وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش پێویستمان بە پشتیوانی دەرەکی هەیە، یەکێک لە کێشەو مەینەتیەکانی رابردووی ئێمە ئەوە بوو، کە پشتیوانی دەرەکیمان نەبوو، بەڵام بۆ یەکەمجارە لە مێژووی هاوچەرخدا پشتیوانییەک پەیدا بووە، خۆ ئەگەر بڕوای بە کێشەکەی تۆش نەبێ، بەڵام لەگەڵ حکومەتە ناوەندیەکەی تۆ دانییە.

کۆنگرەکەش جیاوازییەکی بەرچاوی هەبوو لەگەڵ هەموو کۆنگرەکانی دیکە، لە ڕووی لایەنە بەشداربووەکانی کە نوێنەرایەتی عێراق دەکەن.

### ڕۆڵی کورد لەهاوکێشەکاندا

بەڕاستی ئێمە نابێ ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتمەند نەناسێنین.

یەکبوونی خیتابی سیاسی لە نێوان پارتی لەگەڵ پەرلەمان و پاشان لەگەڵ یەکێتی و لەگەڵ (٣٦) حزب، گەڕانەوەی ئەوراقەکانی خیتابی سیاسی دووبارە بۆ پەرلەمان بۆ ڕاشتنەوەو بڕیار لێدانی بەشێوەیەکی یاسایی، ئەمە مەسەلەیەکی مێژوویییە.

دیسان تێگەیشتن وپێگەیشتنی لایەنی دی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە گۆڕانکاری ناوچەکەدا، هۆکارێکی ئیجابی بوون کە ئەوراقەکانی ئێمە ڕێگای خۆیان بگرن بۆ سەلماندن،، بەتایبەتی لە مەسەلەی فیدراڵیەتدا.

چونکە لە کۆنگرەی سەلاحەدین دەڵێ:«ڕێز لە ویستی کورد بۆ هەڵبژاردنی فیدراڵیەت دەگرین» ئەم (ڕێزگرتنەش) قابیلی هەڵکشان و داشکاندنە.

سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا فاکتەرێکی بنەڕەتی بوو بۆ لێک نزیک کردنەوەی لایەنەکانی دیکەی عێراقی، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە گرەو لەسەر نەکەوتنی کۆنگرەکە دەکرا، بەڵام ئێمە قوربانیمان بەهەندێک کورسی خۆمان دا لە پێناو سەرکەوتنی کۆنگرەکەدا.

ئێمە بۆ ئەمەمان کرد؟ لەراستیدا هەموو گەلی عێراق سوودمەند دەبێت لەم گۆڕانکاریەدا و ئێمەی کوردیش لە هەموو کەسێک زێتر سوودمەند دەبین، بەمانایەکی دیکە کورد لە نەمانی سیاسەت و بیرکردنەوەی ڕژێم قازانج دەکات.

کاتێک ئێمە داوای عێراقێکی دیموکراتی، فرە حزبی، پەرلەمانی و فیدراڵ دەکەین، ئەوە بۆ هەموو عێراقە.

بەڵام دیارە هاتنەدی ئەم داوایەش کارێکی ئاسان نییە بۆ ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام دەبێ جێبەجێ کردنی

ئەرکی کوردو یەکبوونی خیتابی سیاسی کورد بە تایبەتی پارتی و یەکێتی لە قۆناغی دوای گۆڕین بەهێزتر بێت، واتە دەبێ لە بەغداوە بەرگری لە مافەکانی کوردستان بکەین، نەک لە کوردستانەوە داوا لە حکومەت بکەین. کەواتە وەکو کورد ٢٥٪ مان لە حکومەتی بەغدا و پەرلەمانی بەغدا دەوێ، لەو ٢٥٪ش هەندێک وەزارەتی گرنگ هەن، کە دەرگایان بەڕووی کورد داخرابوو، بەڵام ئێستا دەبێ ٢٥٪ لەوانەش بۆ کوردبێت، واتە دەبێ وەکو عێراقیەک مافەکانمان هەبێت، چونکە نەتەوەی دووەمی عێراقین.

### شرۆڤەی دڵەڕاوکێکان

ئێستا دڵەڕاوکێیەک هەیە؛ دڵەڕاوکێیەکەش دوو سەرچاوەی هەیە، یەکێکیان ئابووریە و ئەوی دیکەشیان سیاسیە، سەرچاوە سیاسیەکەش دووفاکتەری هەیە، یەکێکیان پڕوپاگەندەی دوژمنە، ئەوی دیکەش خۆمان بووینە ئالەتێکی بیرکردنەوەی فەردی و بەپێش گرتنی بەرژەوەندی شەخسیە لەسەر بەرژەوەندی گشتی.

بۆیە لەسەرمانە خۆمان لەگەڵ ڕووداوەکان ئاوێتە بین، کورد گوتەنی« ئیشکەری خۆت و خۆشەویستی خەڵکی».

ئێمە پێمان باشە لە عێراق شەڕ ڕوونەدات، بەڵام ئەگەر هەر شەڕ ڕوویدا، ئەوە دڵنیاین کوردستان دەبێتە ئەمینترین شوێن.

چونکە ئەمریکا کارێک دەکات ڕێگەی دەست کردنەوە بەرژێم نادات و یان ڕژێم لە شوێنێک گەمارۆ دەدات، بەهەر حاڵ ڕژێم ئەگەر شتێکیش بکات، ئەوە هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ بەرگری لە خۆی بکات.

بەڵام بەمەزەندەی ئێمە سوود لەمەش وەرناگرێ، چونکە لە دوای شەڕی کەنداوەوە هێزو توانای تەکنۆلۆژیای ئەمریکا پێشکەوتووەو هێزو توانای عێراقیش سەد بەرامبەر هاتۆتە خوارێ.

میللەتێک دیموکراتی و فیدراڵی و ئازادی و سەربەستی بخوازێ، خۆ دەبێ خۆڕاگریش بێت، بۆیە ئەمە زیاتر ئەرکی کادیرانە کە زانیارییەکانی دوژمن و ناحەزان بڵاوی دەکەنەوە، پێچەوانەی بکەینەوە، دەبێ چۆن هەوڵ بۆ گۆڕینی ئاراستەی پروپاگەندەکەیان دەدەین، بەهەمان شێوەش هەوڵی گۆڕینی ناوەرۆکەکەشی بدەین.

### تەنگژەی ئابووری

بابەتێکی دیکەی ڕۆژەڤ، مەسەلەی ئابوورییە، لە راستیدا سەرچاوەی داهاتی حکومەت دیارنییە، سەرێکی لە دەست عێراقە و یەکێکیش لە ئێرانەو ئەوی دیکەش لە دەست تورکیایە، واتە لە دەست خۆمان نییە، لەلایەک حکومەتی عێراقی دیناری ڕاکێشاوەتەوە، بەڵام بازرگانەکانیش ئەمباریان کردووە بەو نیازەی کە بەهاکەی وەکو جاران دەبێتەوە (٣) دۆلار.ڕاستە داواکاری و خستنەڕوو هۆکارێکە لە هۆکارەکان، بەڵام هۆکاری دیکەش هەیە. بەهەرحاڵ لێرەدا جیاوازی لەنێوان کەسێکی مولتەزم و نامولتەزم دەردەکەوێ، ئەرکی تۆیە کە بۆچوونی خۆت دەربڕی و هەروەها داکۆکیش لەو کێشانە بکەیت کە ڕووبەڕووی ئەم حکومەتە هاتووەو دەبێت.ئەم بارە ئابوورییەش کاتیە بۆیە لەسەرمانە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە کە خاوەن ئەو رابردووە شکۆدارە بین، هیچ گومان لەوە نییە کە داهاتوویەکی گەشتر لە چاوەڕوانمان دایە، هەر ئەو ئایندە چاوەڕوان کراوەش شایستەی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەهیدەکان و پێشمەرگە و کادیرو ئەندامەکانی و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو ئیدریسی هەمیشە زیندووە.

**کۆتایی**

---

**بەرەو سەد ساڵەی بارزانیی نەمر**

# بارزانی لەماوەی ژیانی و دوای مردنیشی چقڵی چاوی دوژمنان بووە

## 64

**موحسین دزەیی**

**(٢)**

ئەمە بووە جێگەی سەرسوڕمان و حەپەسانی حەسەن عەبود لەم جۆرە خیانەتە، دوای ئەوە زۆر سوپاسی بارزانیی کرد کە بەدووربینی و لێکدانەوەی لەمردن رزگاری کرد و بە نادڵی گەڕایەوە لای زەعیمەکەی. لەهەمووی گرنگتر ئەو پلانە چەپەڵەی کە دژ بە بارزانی کرا لە ٢٩ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧١ کە ناونراوە بە (موئامەرەی مەلاکان)، چونکی لەلایەن چەند کەسێک ئەنجام درا کە لەژێر پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردیان و ناوی خۆیان نابوو پیاوانی ئایینی (هەڵبەتە درێژەی ئەم پیلانە لە کتێبەکەی سەرۆک مسعود بارزانی - البارزاني و الحركة التحررية الكوردية- دا باس کراوە، هەروەها لە کتێبەکەی مندا بە ناوی - أحداث عاصرتها - الجزء الثاني- بەدرێژی لە هەر دوکیاندا باسی لێ کراوە)، ئەم پیلانە لە هاوینە هەواری حاجی ئۆمەران ئەنجام درا کە ماڵ و بارەگای بارزانی ئەوسا لەو دێیە بوو، ئەوەی من دیومە و بەبیرم دێ لەو پیلانە مەزنتر و ڕێک ودروستتر نەبووە کە هەرگیز دەرچوونی هیچ کەسێک بە سەلامەتی زۆر دوورە، بەڵام بارزانی بەموعجیزەی ئیلاهی ... دەرباز بوو و سەلامەت لەو پیلانە دەرچوو بێ ئەوەی هیچ ئازارێکی پێ بگات...

بارزانی پیاوێک بوو خاوەن ئیمان و خواناس و بڕوا بە قەزا و قەدەرو ئەجەل بوو، هەمیشە دوپاتی دەکردەوە و دەیفەرموو ئەگەر خودا ڕۆژو سەعاتی مرۆڤ تەواو نەکات هیچ جۆرە کردەوەو ڕووداوو پیلان ناتوانی لەناوی ببات.

من خۆم دوای چەند سەعاتێک کە چوومە شوێنی ڕووداوەکە پێم سەیر بوو کە ئەو کەسەی لەو ژوورەدا بووە چۆن بە سەلامەتی دەرباز بووە؟!!.

دوای ڕێکەوتنە شومەکەی جەزایر و ڕۆیشتنمان بۆ ئێران لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٧٥، هێشتا ڕژێمی عێراق بارزانی بەخەتەری هەرە مەزن دەزانی، دوای ئەوە ماوەی لێبوردنە گشتیەکەی عێراق تەواو بوو هێشتا بەسەدان هەزارکەس لە ئێران مابوونەوەو چاویان بڕیبووە سەرۆکەکەیان، حکومەتی عێراق لای وابوو کە تا بارزانی لەناو ئەو خەڵکە دابێ ئەوا ناگەڕێنەوەو گوێ نادەنە عەفوەکەی، لەبەر ئەوە داوای دوورخستنەوەی بارزانیان کرد لە حکومەتی ئێران، ئەوانیش لە١٩٧٥/٤/٢ دا بارزانیی نەمریان برد بۆ تەهران، خۆم یەکێ لەوانە بووم کە لەخزمەتیدابووین و دوای چەند ڕۆژێک هەڤاڵانی تر گەڕانەوە تەنها من و مامۆستا هەژاری خوالێخۆشبوو لەگەڵیدا ماینەوە.

دوای مانگێک لە تەهران گەڕاینەوە شاری نەغەدە لە کوردستانی ئێران.

بەم جۆرەش نیازە گڵاوەکەی ڕژێمی عێراق سەرنەکەوت و جگە لە ژمارەیەکی کەم کەس نەگەڕایەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێکی کە لەمەوبەر گەڕابوونەوە دووبارە دەهاتنەوە لای بارزانی پاش ئەوەی چاویان بە مامەڵەی حکومەتی عێراق دەکەوت بەرامبەر بە هەندێ لە هەڤاڵانیان ودوورخستنەوەیان بۆ خوارووی عێراق.

ئەمە وای لە کار بەدەستانی عێراق کرد کە بیر لە شێوەیەکی تر بکەنەوە بۆ نەهێشتنی بارزانی، ئەو ماوەیەی کە لە نەغەدە بووین بارزانی هەموو ئێوارەیەک دوای ڕۆژئاوا دەچوو بۆ سەردانی خوالێخۆشبوو شێخ بابۆی برای کە بەرادەیەکی زۆر خۆشی دەویست و ماوەیەک لای ئەو دەمایەوە، ماڵی شێخ بابۆ ڕووی لە ڕۆژئاوابوو لە خانوێکی ئاسایی پێشەکەی نیمچە چۆڵایی بوو، ژوورێکی پێش کراوەو دەرەوەی ماڵەکە کە لەوەپێش گەراجی ئۆتۆمبیل بووە کردبوویانە جێگای دانیشتن کە لەو ژوورەدا میوان و ناسیاوان دادەنیشتن، دیارە ئەو ژوورەو هاتوچوونی بارزانی لەژێر چاودێریدا بووە.

بەڕێککەوت ئەو ڕۆژە بارزانی نەرۆیشت بۆ سەردانی شێخ بابۆ یان لە کاتی سەردانەکە دوا کەوت، لەپڕ دەستریژێ کرا ئەو شوێنە کە بارزانی هەموو ڕۆژێک لەوێ بوو لەلایەن چەند بەکرێ گیراوێکی حکومەتی عێراق لە ئەنجامدا ئافرەتێکی پیر بەناوی (ستی) شەهید بوو و کەسی تر زیانی پێ نەگەیشت، بارزانی کە گوێی لە دەنگی دەستریژەکە بوو بەپەلە ڕووی کردە ماڵی شێخ بابۆ، ئەمە یەکێک بوو لەو پیلانانەی دژی حەیاتی بارزانی ئەنجام درا، دوای ئەوە حکومەتی عێراق داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە بارزانی خۆی بەو خەڵکە بڵێ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

بارزانیی نەمر داوای لەمن کرد کە بەناوی ئەوانەوە بڕۆم بۆ ئوردوگاکانی پەنابەران و پێیان رابگەینین کە هەر کەسێک ئارەزووی گەڕانەوە دەکات ئازادە لەوە، بەڵام لەسەرمەسئولیەتی خۆی و لە دوارۆژدا هەرچی بەسەربێ ئێمە مەسئوول نین، بەڵکو خۆی بەرپرسیارە لە ئەنجامەکانی. بەمجۆرەش کەم کەس لە پەنابەرەکان گەڕانەوەو، کاربەدەستانی ئێران منیان لەمە بە بەرپرسیار زانی، لەگەڕانەوەمدا کە ژەنەراڵ مەنسور پورو چەند کار بەدەستێکی تر لەگەڵمدا بوون لەلایەن خۆمانیشەوە تەنها عوسمان جەمیل دزەیی ( کە کوڕە ئامۆزامە) و ئێستا لە کۆمەڵایەتی گشتییە لەگەڵمدا بوو.